هەرێمی کوردستان – عێراق
ئه نجومه‌نی وه‌زیران
وه‌زاره‌تی بازرگانی و پیشه‌سازی
به‌رێوه‌به‌رایه‌تی گشتی دیوان
به‌رێوه‌به‌رایه‌تی یاسایی و گرێبه‌سته‌کان
به‌شی یاسایی

Kurdistan Region – Iraq
Council of Ministers
Ministry of Trade and Industry

إقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التجارة و الصناعة
المديرية العامة للديوان
مديرية القانونية و العقود
قسم القانون

No:
Date: / /2017

ژماره: ١٢٩٩
به‌روار: / / ٢٧١٧ کوردی
: ١٧/ ١٠/ ٢٠١٧زاینی

## ڕێنمایی ژماره (٣) ساڵی ٢٠١٧

## پێدانی چیمه‌نتۆ بۆ هاووڵاتیانی پارێزگاکانی هه‌رێمی کوردستان

پاڵپشت به برگه‌ی دووه‌م وله مادده‌ی شه‌شه‌م یاسای وه‌زاره‌تی بازرگانی و پیشه‌سازی له هه‌رێمی کوردستان ژماره (١٠)ی ساڵی (٢٠١٠) ئه‌م ڕێنمایانه‌ی خواره‌ومان ده‌رکرد:

١-هه‌ر هاووڵاتیه‌ک بۆی هه‌یه چه‌ند جارێک سوودمه‌ند بێت له وه‌رگرتنی چیمه‌نتۆ به مه‌رجێک مۆله‌تێکی بینای تری هه‌بێت به مه‌به‌ستی دروستکردنی خانوویکی تازه .

٢-بڕی (٢٠٠) کغم چیمه‌نتۆ هه‌ژمار بکرێت بۆ هه‌ر (١)م٢ ی بینا بۆ هه‌ر یه‌که له پارێزگاکانی هه‌ولێر و سلێمانی و دهۆک .

٣-بڕی چیمه‌نتۆ:

ا- ئه‌و هاووڵاتیانه‌ی که جێنشینی ناو شارن (ناو پارێزگاکان) بۆ هه‌ر یه‌که له پارێزگاکانی هه‌ولێروسلێمانی و دهۆک بڕی چیمه‌نتۆ له لایه‌ن لێژنه‌ی پشکنین دیاری ده‌کرێت .

ب- ئه‌و هاووڵاتیانه‌ی که جێنشینی شارۆچکه‌کان (قه‌زاو ناحیه‌کان) بۆ پارێزگاکانی هه‌ولێر و سلێمانی دهۆک بڕی چیمه‌نتۆ له لایه‌ن لێژنه‌ی پشکنین دیاری ده‌کرێت .

ج-ئه‌و هاووڵاتیانه‌ی که جێنشینی گونده‌کانن (لادێکان) بۆ پارێزگاکانی هه‌ولێرو سلێمانی و دهۆک بڕی چیمه‌نتۆ دیاری ده‌کرێت له‌لایه‌ن لێژنه‌ی پشکنین دیاری ده‌کرێت .

٤-دابه‌ش کردنی فۆرمی تۆمار کردن بۆ هاوولاتیانی جێنشینی ناو پارێزگاکان و شارۆچکه‌کان (قه‌زاو ناحیه‌کان) و گونده‌کان (لادێکان) له ده‌سه‌ڵاتی به‌رێوه‌به‌رایه‌تی دابه‌شکردنی چیمه‌نتۆی پارێزگاکاندایه به پێ ی پشکه‌کانیان به مه‌رجێک که‌ڵه‌که نه‌بێت.

٥-هەر هاووڵاتیەک پێویستە پابەند بێت بە پێشکەشکردنی ئەم بەڵگەنامانەی (المستمسكات)ی خوارەوە بۆ وەرگرتنی چیمەنتۆ

أ- قەوالەی تاپۆی زەویەکە (سند الطابو / صورة قيد).

ب- ناسنامەی نیشتیمانی کۆپی رەنگاورەنگ یان ناسنامەی باری کەسێتی (هوية الاحوال المدنية)کۆپی ، وە رەگەزنامەی عیراقی (الجنسية العراقية) کۆپی رەنگاورەنگ.

ت- مۆڵەتی دروستکردنی خانوو (اجازة البناء) یان رێگاپێدانی شارەوانی پەسند کراو (مصدق) بۆ هاوڵاتیانی جێنشینی ناوشار و شارۆچکەکان ( قەزا و ناحیەکان)

ث- نەخشەی خانوو پەسەند کرابێت لە شارەوانی بۆ هاوڵاتیانی جینشینی ناوشار ، وە نەخشە پەسەندکرابێت لە شارەوانیەکان بۆ هاوڵاتیانی جینشینی [شارۆچکەکان (قەزا و ناحیەکان) و گوندەکان]

ج- چەسپاندنی سنوری خانووەکە (تثبيت حدود) بۆ هاوڵاتیانی جینشینی ناو شارو شارۆچکەکان (پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان)

ح- هێنانی پشتگیری (کۆپیەکی پەسەند کراوە لە کارتی پیشینەی خانووبەرە) لە بەڕێوەبەرایەتی ناحیەکان یان پشتگیری لە خانووبەرە بۆهاوڵاتیانی جینشینی گوندەکان (گوند نشینەکان)

٦- لە کاتێک تۆماری قەواڵەی تاپۆ بە ناوی دوو هاوڵاتی بێت وە دوو خانوو لەسەر زەویەکە دروست کرابێت پێویستە لەسەر ئەم دوو هاووڵاتیە هەریەکە بە جیاواز مامەڵەی خۆی پێشکەش بکات وەهەر یەکە دۆسیەکی تایبەتیان هەبێت ، بۆ ئەوەی مافی وەرگرتنی چیمەنتۆی هەبێت ٠

٧- کاتێک تۆماری قەوالەی تاپۆ بە ناوی دوو هاووڵاتی بێت یان زیاتر وەیەک خانوو لەسەر پارچە زەویەکە دروست بکەن ، دەبێت یەک مامەلە بێت یەک جار برە چیمەنتۆی پێوویست بۆ خانوەکە وەربگرن٠وە هەمان ناوەڕۆکی خالی (٣) دەیانگرێتەوە.

٨- لە کاتێک تۆماری قەوالەی تاپۆ بە ناوی یەک هاووڵاتی بێت و دوو خانوو یان زیاتری لە سەر پارچە زەویەکە دروست کرد بێت ، پێویستە ئەو خانووانەی کە لەسەر زەویەکە درووستی کردووە گشتیان هەژمار بکرێت بە پشت بەستن بە کۆنووسی لیژنەی پشکنین.

٩- هەر خانووەک ڕووخێنرابێت ، پێویستە وێنەیەکی کۆپیکراو لە ڕەزامەندی ڕوخاندن (اجازة هدم البناء) لە شارەوانی بهێنێت ، گشت مەرجەکانی خالی (٥) دەیانگرێتەوە بۆ پێدانی چیمەنتۆ ٠

١٠- هەر داواکاریەک لە لایەن میراتگران (الورثة)پێشکەش بکرێت پێویستە (قسام شرعی) دابەشنامەی شەرعی یان (بیان وفاة) هاوپێچ بکرێت لەگەڵ داواکاریەکە وە گشت خالی (٥) دەیانگریتەوە بۆ پێدانی چیمەنتۆ ٠

Kurdistan Region, Erbil, 60st St. E-mail: info@mtikrg.org هەرێمی کوردستان، هەولێر، شەقامی شەست مەتری
Phone: + 964 (0) 66 / 2273911 – 2273912 - 2273919 تەلەفون : ٢٢٧٣٩١٩-٢٢٧٣٩١٢-٢٢٧٣٩١١/ ٦٦ (٠) ٩٦٤+

١١-ئاسانكاری بكرێت بۆ زوو راپەراندنی كارەكانی كەشف و دابین كردنی چیمەنتۆ بۆ پێشمەرگە و خانەوادەی شەهیدان بە پلە یەک وە بۆ ئەو هاوولاتیانەی كە خاوەنی پێداویستی تایبەتن بە مەرجێک قەوالەی تاپۆی زەویەكە لەگەل مۆلەتی خانووەكە بە ناوی خۆیان یان هاوسەریان بێت وە ناسنامەی كەم ئەندامیان هاوپێچ كرابێت و تێیدا ئاشكرا بێت كەئەم هاوولاتیە (عجز)ی هەیە ،وە هەمان مەرجەكانی خالی (٥) دەیانگرێتەوە بۆ پێدانی چیمەنتۆ.

١٢-سەبارەت بە پارێزگای هەولێر ئەو هاوولاتیانەی كە گەرەكەكانیان كۆنن وە لە شوێنی خۆیان نەماون و گواستراونەتەوە بۆ شوێنی تر ئەوانەی كارتی زەویان هەیە بە مەرجێک كارتی زەویەكە و رێپێدانی شارەوانی بە ناوی هەمان هاوولاتی بێت چیمەنتۆ بیانگرێتەوە هەروەكو هاوولاتیانی پارێزگای هەولێر كە قەوالەی تاپۆیان هەیە .

١٣-لەبەر پێداویستی زۆری هاوولاتیان و حكومەتی هەرێمی كوردستان بە خوێندنگەی نوێ لە شارو شارۆچكەكانی هەرێمی كوردستان هەر خێرخوازێک قوتابخانەیەک دروست بكات لەسەر ئەركی خۆی یان هەر پرۆژەیەكی حكومی یان كەرتی تایبەت ئەوا بە پێ ی دەرخستەی لێژنەی پشكنینی شوێنی بیناكە چیمەنتۆیان پێ دەدرێت بە نرخی هاندراو (نرخی هاوولاتیان ) .

١٤-هەر هاوولاتیەک نۆژەن كردنەوەی خانووەكەی بكات بە پێ ی كۆنووسی لێژنەی پشكنین بۆ پارێزگاكان (١٥) پانزە تەن چیمەنتۆ تێپەر نەكات بۆ قەزاو ناحیەكان (١٠) تەن چیمەنتۆ تێپەر نەكات

١٥-لەبەر خراپی باری دارایی حكومەتی هەرێمی كوردستان ،لێژنەكانی پشكنین بۆیان هەیە ئوتومبیلی هاوولاتیان بە كار بهێنن لە كاتی پشكنینی خانووەكانیان ، بە شێوەیەكی كاتی.

١٦- دابەشكردنی چیمەنتۆ بە رێگای هەلاوێرد (استثناء) لە دەسەلاتی بەرێز ب.گ.گەشەپێدانی پیشەسازی دەبێت.

١٧-ئەم رێنماییانە كاری پێ دەكرێت لە رێكەوتی پەسەند كردنی لە لایەن بەرێز جەنابی وەزیر.

**د. عـــلی ســـندی**

**وەزیری بازرگانی و پیشەسازی**

**بە وەكالەت**

Kurdistan Region, Erbil, 60st St.
Phone: + 964 (0) 66 / 2273911 – 2273912 - 2273919
E-mail: info@mtikrg.org
هەرێمی كوردستان، هەولێر، شەقامی شەست مەتری
تەلەفۆن : ٢٢٧٣٩١٩-٢٢٧٣٩١٢-٢٢٧٣٩١١/ ٦٦ (٠) ٩٦٤+

وێنەیەک بۆ:.

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران – سەرۆکایەتی دیوان/بۆ ئاگاداریتان، لەگەڵ ڕێزماندا.
- وەزارەتی پلان دانان / بۆ ئاگاداریتان،لەگەڵ ڕێزماندا.
- دیوانی چاودیری دارایی هەرێمی کوردستان/ بۆ ئاگاداریتان، لەگەڵ ڕێزماندا.
- ب.گشتی دیوان بەڕێوەبەرایەتی یاسایی و گرێبەستەکان/ لەگەڵ گشت بەراییەکان.
- ب.گشتی بازرگانی / بۆ کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزماندا.
- ب.گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بۆ کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزماندا.
- ب.گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی/ بۆ کاری پێویست،لەگەڵ ڕێزماندا.
- پارێزگاکانی (هەولێر،سلێمانی،دهۆک،هەڵەبجە)/ بۆ کاری پێویست،لەگەڵ ڕێزماندا.
- ئیدارەی (راپەرین،گەرمیان) / بۆ کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزماندا.
- دەستەی وەبەرهێنان/ بۆ کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزماندا.
- وەقایعی کوردستان/تکایە بۆ بڵاو کردنەوەی،لەگەڵ ڕێزماندا.
- ب.کارگێری / بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست.
- ب.دلنیایي جۆری/ بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست.
- سایتی وەزارەت بۆ بڵاوکردنەوەی.
- فەرمانگەکانی سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشە پێدانی پیشەسازی.
- خولاو.


Kurdistan Region, Erbil, 60st St. | E-mail: info@mtikrg.org | هەرێمی کوردستان، هەولێر، شەقامی شەست مەتری

Phone: + 964 (0) 66 / 2273911 – 2273912 - 2273919 | تەلەفون : ٢٢٧٣٩١٩- ٢٢٧٣٩١٢- ٢٢٧٣٩١١/ ٦٦ (٠) ٩٦٤+